سودانی و وەزیری ناوخۆی ئێران تاوتوێی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکان وبەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان دەکەن

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ شەممە لەگەڵ وەزیری ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەسکەندەر موئمنی تاوتوێی ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکان وبەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان کرد.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی ئاژانسی موتەبع کوتووە بڵاویکردەوە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازیکرد لە وەزیری ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەسکەندەر موئمنی.

ڕاگەیەندراوەکە وتیشی"لە دیدارەکدا تاوتوێی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و پرسەکانی بەرژەوەندی هاوبەش کرا، لەوانە ئاسایشی سنوورە هاوبەشەکان لەبەر ڕۆشنایی ڕەکەوتنە واژەکراوەکان، هەروەها هاوکاری لە بواری بەرەنگاربوونەوەی قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و هەماهەنگی لە کاری دەروازە سنووریەکان بە بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری.

وتیشی لە بەشێکی تری دیدارەکەدا تاوتوێی ڕەوشەنەکانی ئاسانکاری کردن کرا، بە زیارەتکارانی ئێرانی بە مەزارگە پیرۆزەکانی عێراق، جێخت لەسەر چالاککردنی یاداشتی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی

ناوخۆی عێراق و ئێران کرایەوە، سەبارەت بە دانپێدانان بە مەترسیی شەڕی نێوان هەردوو وڵات.